پاراسایکۆلۆجی

خەواندنی خۆیی



38809

جەبار عوسمان

2004

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

خەواندنی خۆیی

- نووسەر: جەبار عوسمان
- نەخشەسازی: تەرزە خالید
- نەخشەسازی بەرگ: دیاری جەمال
- سەرپەرشتیاری چاپ: عەتا مەحمود
- چاپ: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری
- تیراژ: ١٠٠٠دانە
- ژمارەی سپاردنی: (٦٣٠)ی سالی ٢٠٠٤ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە
- سایتی وەزارەتی رۆشنبیری www.roshnbiri. org

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەروازە

دیارە پاراسایکۆلۆجی یەکێکە لەو دیاردانەی کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە بوونی هەبووە ، بەهۆی کامڵ بوون و پێشکەوتنی پێکهاتنی دەماغی لە چاو زیندەوەرانی تردا ، توانیویەتی بەشێوەیەکی وورد و ئاڵۆز و فراوون ووزە کۆکراوەکانی دەوروبەر لە ڕێی هەستەکانەوە کۆبکاتەوە و پاشان یەکیان بخات و دەرئەنجامەکانی عەقڵی لێوە بونیات بنرێت ، هەر لێرەدا کۆبوونەوەی چەندین مادە و سیفاتی جیاواز لە چۆنیەتی یەکگرتنیاندا شێوازێکی تایبەتی لە میکانیزمی دەماغ دا بە خۆوە دیوە و بۆتە هۆی دروستبوون و فراوان بوونی بیر و هۆشی مرۆڤ کەلەڕێگەیەوە دەرئەنجامەکانی دەماغ تێیدا کامڵ بوون و لە ڕێگەیەوە بەهۆی چۆنیەتی پێکهاتنی لەشی مرۆڤەوە ئەم درئە نجامانە لە دەوروبەردا بەرجەستە بوون بەهۆی شیکارکردنی دەماغ لەسەر وێنە ئەقڵییەکان و هاوشان لەگەڵ پەیدابوونی زمان (اللغە) کە بووەتە هۆیەك بۆ گەیاندن و تێگەیشتنی زنیارییەکانی لە نێوان خودی مرۆڤەکاندا کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە فراوان بوونی بیردا .. بەڵام جگە لەم پەیوەندییە عەقڵییە کە لە ڕێگەی جەستە و زمانەوە ئاڵوگۆڕی

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

زانیارییەکانی پێ ئەنجامدراوە بە هەمان جۆر بەهۆی شێوازی کارکردنی دەماغ لە رێگەی کارلێکە بایۆ کیمیاوییەکانی ناو نیورۆنەکانەوە (الخلایا العصبیه) ئەم زانیارییەی بیر و عەقڵ بەشێوەی وزە دەرپەڕیوەکان کە لە رێگەی ئەم کارلێکەوە دروست بوون و لە دەماغی مرۆڤەکانەوە بەدەرکەوتوون و کاریگەریی خۆیان لەسەر دەوروبەر گەیاندووە بەپێی چۆنیەتی دروست بوونیان لە کرداری شیکارکردنی دەماغ دا .. هۆکاری ئەم وزە بەدەرخەرانەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی کەسایەتییەکان کە بە سۆپەرمان دەناسرێت لە شێوازی کرداری بەدەرخستنەوە کە بەهۆی ووردگەرییەوە (التركيز) ئەنجامدراوە و تێیدا ئەو کارلێکە بایۆ کیمیاویانە رووێداوە کە ووزەی هێزە لە ڕادەبەدەرەکانیان بەدەرخستووە .. بەهەمان جۆر ئەو ووزەیە هەڵگری ئەو زانیاریانەی ئەقڵ بوون کە بەهۆیانەوە کارلێکەکانی دەماغ روو دەدەن .

لەپاش کرداری فراوان بوون و ئاڵۆزبوونی بیر و عەقڵ بەهۆی بەدەرخستنی پێویستییە خۆییەکان کرداری ووردگەریی رۆڵی خۆی لەدەست داوە و زانیارییەکان بوونەتە دیوارێك لە نێوان هەردوو قۆناغی هێزە لە ڕادەبەدەرەکان و کۆنترۆڵی لا شعوردا .

لە پاش مۆڵ خواردنی مرۆڤەکان و پێکهاتنی کۆمەڵگا وەك پێویستییەکی زاتی .. سەرقاڵ بوون بەدوای خواراك و بە دواگەڕان، ئاین وەك پێویستی دەروونی سەری هەڵدا بۆ

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

مەبەستی بەتاڵ کردنەوەی گرێ دەروونییەکان و پەنابردنە بەر هێزێك كە بیان پارێزێت و دەربازیان بكات لە هێزە سروشتیەكان

بەڵام ئەم هێزە دەروونییە وەهمییە توانیویەتی بەشێوەی باوەڕ لە دەروونیاندا دروستبێت و ئەو بەربەستە لە نێوان هێزە لە رادەبەدەرەكان و كۆنترۆڵی لاشعوریدا لابەرێت و ببێتە هۆكارێك بۆ بەكارخستن و بەدەرخستنی توانا شاراوەكان .. لەپاش گەشەكردنی ئەم باوەڕە وەهمییە وەك ئاین .. چەندین شێوازی جۆراوجۆر هاتۆتە كایەوە . هەر ئاینێك شێوازی تایبەتی بەكارهێناوە ، بەڵام هەموو پاراسایكۆلۆجییەكانیان بە توانای رۆح زانیوە .. بەردەوام ئەم بۆچوونە لەگەڵ مانەوەی ئایندا پەرەی سەندووە و بۆتە هۆكارێك بۆ درك پێ كردنی هەموو نهێنییەكانی رۆح و دەرچوون لە جەستە و چوونە ناو جیهانی نەمرییەوە (الخلود) .

بەڵام ئەم شێوازە وەهمییە نەتوانراوە ئاشكرا بكرێت و پەی بە بنەما سەرەكییەكانی ببرێت ، ئەویش بەهۆی نەبوونی یان پێش نەكەوتنی ئاستی زانستی لەو كۆمەڵگایانەدا بەتایبەت لە كۆمەڵگا دواكەوتووەكاندا كە ئاین تێیدا زاڵە .. بەڵام ئاین توانیویەتی باوەڕێكی وەهمی دروست بكات كەلە رێگەیەوە بەچەندین شێواز ئەم توانایە كاری پێ بكرێت ، بۆ نمونە نووشتەكاری یەكێكە لەو دیاردانە كە بۆ مەبەستی هێنانە دی خواستی خەڵكی بەكاردەهێنرێت ، بەتایبەت ئافرەتان كاری پێ

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library